# خەباتی ژێر زەمینی و سیناریۆ

**سمكۆ عەبدولكەریم**



یەكێ لە نگبەتیەكانی ئەم میللەتە ئەوەیە  كە زۆربەی ئەوانەی  رۆژێ لە رۆژان پیاوی بەعس بوون و لەو پێناوەشدا خاوەنی كۆشێك نۆكەرین ، ئێستا هەر خاوەن شكۆن و بە ناوی خەباتی ژێر زەمینیەوە دەبێ لە ئاست خەبات و تێكۆشانیاندا هەمیشە مل كەچ بین ،لەوەش عەنتیكەتر ئەوەیە كاتێك قسە لە سەر دۆسیەی یەكێك لەو پیاوانە دەكەین ، یەكسەر ئامادەیە بەقەد بالآكەی  خەبات و تێكۆشانی خۆیت بۆ بگێڕێتەوە ،و باس لەو چالاكییە ژێر زەمینیانەی بكات كە لەسەردەمی بەعس ئەنجامی داون ،جگە لەوەش دەسەلآت لە جیاتی ئەوەی ئەو پۆستەی لێوەرگرێتەوە كە پێداوە و رۆژانە چەندین كەس لەبەر دەگاكەی وەستاون و چاوەنوارِی بە خشندەیی و ئیمزایەكی جەنابیانن ،زۆرجاریش ئەو كەسە ئەگەر بەهەر هۆیەكەوە بێت لە پۆستەكەی لابدرێ ئەوە دەسەلآت هەر بۆ ئیستفزاز كردنی هەستی ئێمە لە پۆستێكی بەرزتری دادەنێ ،لەوەش گەڕێ كە ئێستا لەم شارەدا مەسئولی وامان هەن ئێستاش دەمانچەكەی بەعسی لەبەر پشتێنەكەی دایە،ئەو كاتەش بۆ تۆ هەر خەجالەت باری و ئەوە  دەمێنێ داوای لێبوردنی لێبكەی ، چەندین كەس دەناسم كە پەنجەی پەشیمانی دەگەزن ،چونكە لەسەردەمی خۆی  لە بەرامبەر ئیمزایەك یان بوون بە جەیشی شەعبی  یان هەرداوایەكی دیكەی بەعس ، جگە لەوەی تووشی فەلاكەت هاتوون ، ئەو دەسكەوتانەشیان لە كیس چوو كە بەعس لە بەرامبەردا ئامادە بوو پێیان بدا ، لەو ناوەشدا مافی هەموو ئەوانەش  بزربوو كە بەراستی خاوەنی خەباتی ژێر زەمینین ، هەرچەندە ئەو قسانە هێندە گووتراون ، پیاو خەریكە شەرم  لە هێندە گووتنەوەی دەكات ، بەلآم نا ئەی ئەوە نییە سەرۆكی حكومەت ستایشی نەبەز دەكات بۆ چاپكردنی كتێبی قەلآمەكانی بەعس ، بەر لە راپەرین لە هەولێر برادەرێك هەبوو ناوی مزۆی وەرزشكار بوو بیری بۆ ئەوە چوو كتێبیك ئامادە بكات  سەبارەت بە چالاكیەكان و ئەو ( نوط الشجاعه)نەی سەرۆك جاشەكانی كوردستان وەك وەلائێك بۆ رژیم وەریانگرتبوو ، ئەو بەنیاز بوو هەر بە پارەی خۆیان پرۆژەكە ئەنجامبدات ،بەلآم نازانم ، مزۆ ئەو كارەی نەكردوو راپەرینی بەسەر  داهات ، رەنگە ئەگەر ئەوەی كردبوایە ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەكان خرابوایە نێو لیستی قەلآمەكانی بەعس ، لە كاتێكدا ئەو كتێبە بۆ ئێستا دەبووە باشترین دیكۆمێنت ، لەو رۆژانە برادەرێك كە راست و چەپ لەسەر دەسەلآت دەنووسێ لە ئەورپا بەسەردان هاتەوە كوردستان بەراستی بێت یان بە گالتە دەیگووت من بۆ ئەوە هاتومەتەوە دەسەلآت دوو شەقم تێهەلآدا ، جا دەبینن چۆن دەیكەم بە پەند لە ئەوروپا ،بەلآم خۆشبەختانە بە سەلآمەتی گەڕاوە ، سیناریۆكان زۆرن هەر لە خەباتی ژێرزمینیەوە بگرە تا دەگاتە خەباتی سەر زەمینی ، شتەكان بە شێوەیەك تێكەلبوونە خەریكە هەموو راستییەك بزر دەبێ ، ئەم خەلآكە ناحەقیشی نییە هەموو شتێك بە سیناریۆ تێبگات ، كەم نین ئەو كەسانەی بۆ وەرگرتنی كەیسێك لە ئەورپا چەندین سیناریۆیان بۆ خۆ درووست كرد ، یان ئەو نووسەرانەی لە دەرەوە بە قەولی خۆیان بە زمانی زبر لە سەر دەسەلآتیان دەنووسی ، دواتر دەركەت ئەمە تەنیا بۆ ئەوە بوو دەسەلآت پارەی باشتری پێبدات ، گوومانێك درووست بووە هەروا بە ئاسانی نارِەوێتەوە ، خەریكە هەموومان پێوەی دەسوتێن ، رۆژنامەنووس دەرِفێندرێ ، دەگیرێ ،تیهەلآدەدرێ ،هەمووی هەر بە سیناریۆ دەزاندرێ ، كابرا ئۆتومبیلەكەی لەبەر دەرگای مالآكەی تەقێندرایەوە هەموو دەیانگووت ئەوە سیناریۆ بوو ، وای لێهاتووە پیاو لەم ولآتە سەریشی تێدا بچێ هەر بە سیناریۆ بۆی دەنووسرێ ، كەم نەبوون ئەوانەی مەسەلەی شێخ زانایان خستە بازنەی سیناریۆ ،ئەوەتا بەرپرسێك دیمەنی كوشتنی (دوعا)ش بە سیناریۆ دەزانێ  ، ئەو سیناریۆیەی دوای تێپەڕبوونی  چەندین هەفتەو دەنگدانەوەی لە ناوخۆ دەرەوە جا دەسەلآت ئامادەبوو دوو قسەی تێدا بكات ، ئەویش بەو مانایە نا كە تراژیدیاییكەو  دەسەلآت  دەیەوێ سنوورێك بۆ رەشەكوژی ژنان دابنێ ، ماوەیەكە دۆزینەوەی تەرمی نەناسراو ناسراو لە كونجەكانی  هەرێمی كوردستان  زۆر بەزەقی

هەستی پێدەکرێ ،کەسیش نییە باس لە چیرۆك و سیناریۆکانی ئەو کوژراوانە بکات ، ئەگەر سەرنج بدەی هەر هەمووی تەنیا بە دوو سێ دێر لە رووپەڕی رۆژنامەکان بڵاودەکرێنەوە ، لە فلانە شوێن : تەرمی ژنێك ، پیاوێك ، منداڵێك ، کەسێکی نەناسراو دۆزرایەوە ، وەك ئەوەی چۆلەکەیەك کوژرابێ و دۆزرابێتەوە .